

زانکویا پولیتەکنیک دهوک
کولیژا تەکنیکی تەندروستی / شێخان
تەندروستی گشتی

شینوارێن کەڤنێن کوردستانێ

سەرپەرشتییا ماموستا: شیمال حمید محمد

قوتابی:
امنة ادريس صديق
افين كمال علي
حمزة ايوب محمد
روندك شاكر صالح

ناڤەرۆک

قەڵای هەولێر:

قەڵای هەولێر تەپۆڵکەیـەکی بازنـەیی ڕووتەختـە بـە ڕووبـەری ١٠٢٫١٩٠ مـەتری چوارگۆشە لە ناوەڕاستی شاری هەولێر، کە لە کۆنەوە ناوەنـدی شـاری هـەولێر بووە. مێژووی قەلای هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشـووریکان و هـەزاران ساڵ پێش زایین، ئەم قەڵایە لەلایـەن جوولەکـەکان و ئاشـووریکان بنیـات نـراوە تەپۆلکەیەکی بازنەیی رووتەختە، ڕووبەرەکـەی (١٠٢ هـەزارو ١٩٠) م٢ ــیە و لـە ناوەڕاستی شاری هەولێر هەوڵکەوتووە، ٤١٥م لە ئاستی ڕووی دەریا بـەرزترە و بە بەرەنجامی ٢٦م و ٢٥سـم لـە ئاسـتی ڕووی شـاری هـەولێر بـەرزترە کـە لـە بەرزترین شوێن دەگاتە نزیکەی ٣٠م. هەندێک بیروڕا هەیە دەڵێت قەڵای هـەولێر لەوەی ئێستا بەرزتر بووە، بەڵام لە ساڵی (٢١٦ز) ئیمـپراتۆری ڕۆمانیـا (کـراکلا) لە کاتێ هێرشی بۆ سەر تیسفۆن بە هەولێردا ڕۆیشتووە و تەپۆلکەکەی قەڵا کـە گۆڕســـتانی پاشـــا فۆرســـییەکان بـــووە ڕووخاندوویـــەتی و ئێسکوپروســـکی مردووەکانی دەرهێناوە. ئەم قەڵایە دێرینە لە سـاڵی ٢٠٠٥ لەلایـەن ڕێکخـراوەی یوونێسکۆوە بە یەکێک لە گرنگترین ١٠٠ شوێنەواری جیهـان دەستنیشـانکراوە کـە پێویستە وەک کەلتوورێکی مرۆڤایەتی پارێزگاری لێوەبکرێت. زۆر بیر و بۆچـــوون سەبارەت بەم گردۆلکەیە هەیە کە ناوەڕاستی دەشـتایەکی پانوبـەرین دەگـرێت، هەندێک ئەم گردە بە دەستکرد و تورەگە ڕێژ دەزانن کەلەلایەن ئاشـوورییەکانەوە بـە زۆرەملێ بـە دیلـەکانی جـەنگ دروسـتکراوە بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی هێرشـی دووژمنـەکان. کـە چی زانـای ئـەمریکی (ئـەداورد کـە بـیرا) مامۆسـتای زانسـتی ئاشوورییەکان لە زانکۆی شیکاگۆ دەڵێت: لە عێراقی ئێستادا هەندێک شـار هـەن کە تا ئێسـتا خـەڵکیان تێـدا دەژی کـەچی خـۆی لەسـەر گونـدو شـاری کـۆن درو ستکراوە، لەوانەش شاری هەولێر و شاری کەرکووک، ئەوەی لەسـەر تەپۆلکـەی ئەم گردە دێرینە بڕوات شوێنەواری چەندین شارستانی کۆن دەبینێت کـە بریتیـە لە گردێـک کـە حـەفت شارسـتانی لـە خـۆوە دەگـرێت، سـەرەتای دروسـتبوونی سۆمەری بووە و دواتر چاخـەکانی (بـابلی، فارسـی، یۆنـانی، پارسـی، ساسـانی، ئیسلامی) بینوە، واتا شـارەکە مـاوە بـەڵام خەڵکەکـەی دانیشـتوی گـۆڕاون واتـا ئەمشوێنە لە ئاکامی چەندین شارستانیەتی پێش خۆیەتی و هـەر جارێـک بـەهۆی هـەر کارەسـاتێک تێکچـووە، دواتـر خەڵکەکـەی لەسـەر شارسـتانیەتە کۆنەکـەی یەکێکی نوێیان دروستکردووە. بەڵام قەڵای هەولێر تەنیا گردۆلکە نییە لە دەشـتی هـەولێر و بەدەیـەها گردۆلکـەی هاوشـێوە لـەم دەشـتە پـان و بەرینـە سـەر دەردەخەن و باشترین بەڵگەش گردی (قالینج ئاغا) یە کە چەنـد کیلۆمـەترێک لـە قـەڵا دوورەو نزیکـەی ٧ مـەتر لـە شـەقامی بـەردەمی بـەرزترە و بـەپێی ئـەو پشکنینەی لە سـاڵی ١٩٦٥ بـۆی ئەنجامـدراوە، دەرکـەوتووە ئـەم گردۆلکەیـە لـە هەزارەکانی(٥٠٠٠–٤٠٠٠)پ. ز، ئاوەدان بووە (لە چاخی حەلەف عوبید و وەرکا) و لە هەزارەی سێیەم ژیانی لەسەر بڕاوتەوە. هەروەها لەکاتی پشکنین بیـنرا لـە

٧ چین پێک دێت (هەر چینێک گوزارشت لە شارستانیەتیێک دەکات و بەدەیەها کەلوپەل و پارچەی گڵێنەو پەیکەری گیانلەبەر و سەرکەتەشی گڵێنە و جل و بەرگی جۆراو تێدا دۆزراوەتەوە کە هەمووی گەواهی ئەوەیە ئەم گردۆلکانە هەبوونە، بەڵام مرۆڤ زۆر ژیرانە بەکاری هێناون و توانیوویەتی سوودیان لێ وەرگرێت. تەمەنی قەڵای هەولێر بە تەواوی دیار نییە، بەڵام لەسەروبەندی ساڵی ٢٠٠٠ پ. ز لە نووسراوەکانی پادشای سۆمەری (شۆلکی) بە ناوی (ئوربیلیم-urbilum)ـ هاتووە.بەڵام بەر لەوە و چاخی ئەکەدی(٣٣٥٠–٢١٥٠) پ. ز و لەسەردەمی یەکەم پاشایان (سەرجۆنی ئەکەدی) و لە هەڵمەتەکەی بەرەو باکوور بۆ تەمێی کردنی گوتییەکان فراوانکردنی ئیپمراتۆریەتەکەی بە هەولێردا رۆیشتووەو باس لە هەولێر کراوە. ئیتر لەم مێژووەوە بە دواوەو لەسەرجەم چاخەکان باس لە هەولێر کراوە کە دەڵێین هەولێر واتا (قەڵا) چونکە تا ساڵی ١١٩٠ ز کاتی سوڵتان موزەفەرەدین دەبێتە فەرمانڕەوایی هەولێر و لەماوەی ٤٢ ساڵی فەرمانڕەوایەتی هەولێر زۆر دەگەشێتەوەو لەم ماوەیەدا بەشی خوارووی هەولێر (دەرەوەی قەڵا) دروست دەبێت (بەپێی نەخشەیەکی ساڵی ١٢٣٣ز (واتا دوایی ساڵێک لە کۆچی دوایی سوڵتان) لە خوارووی قەڵا دوو قوتابخانە و دوو مزگەوت و بازاڕی قەیسەری و بەشێکی گەڕەکی خانەقا هەبوو و ئەم هەمووەش بە شوورەیەکی درێژ دەورە دراوە کە سێ دەرگای هەبووە، ئەوکات رووبەری ٣ کیلۆمەتر دووجا بووە و زۆربەی گەشەسەندنەکەی بەرەو باشوور و باشووری ڕۆژاوا بووە، و ئەم سێ دەرگایەش بەو ئاراستەیە بوونە.

١- ناسا: قەڵای هەولێر کۆنترین شوێنە لە جیهان تاکو ئێستا ژیانی تێدا بێت.
https://earthobservatory.nasa.gov/images/144736/history-on-a-hill

ئەشکەوتی چارستین:

ئەشکەوتی چارستین یەکێکە لە شوێنەوارە گرنگەکانی شاری دهۆک کە مێژوویەکی سێ هەزار ساڵەی هەیە. ئەم شوێنەوارە کە بە گوتەی سەرچاوەکان پەرەستگەیەکی ئایینی زەردەشتییە و هەندێ کەس بە پەرەستگەی ئاناهیتا ناوی دەبەن، کەوتووتە ناوچەی گەلی دهۆک لە چیای سپی. بۆ گەیشتن بەو شوێنەوارە، سەرەتا کە لە خوارەوەی چیاکە سەردەکەوی بۆ سەرەوە، دەگەیتە کۆمەڵێک شوێنەوار کە بە تەلبەند سنووردار کراون و لە یەک جیا کراونەتەوە، یەکێک لەو شوێنەوارانە گۆڕستانێکە کە لە چەندین بەردی تەختی کۆن و مێژوویی پێک هاتووە کە هەر یەکە و شوێنی ناشتنی کەسێکە. شوێنێکی شوێنەواری دیکە کە لە خوار گۆڕستانەکەیە، شوێنەکە بۆ تواندنەوەی ئاسن و کانزا بەکار هاتووە، کە ئەویش هەر بە تەلبەند سنووردار کراوە.لە تەنیشت ئەمانەوە پارچە بەردێکی گەورە هەیە کە بەپێی زانیارییەکان دەبێت ئاتەشکەدەیەکی کراوە بێت کە هێچ دیوار و سەقفێکی نییە و تەنها لە شوێنێک تەختەبەردێک بە بەرزیی نیو مەتر وەک پەناگەیەکە کە دیارە بۆ پاراستنی ئاگرە پیرۆزەکە بەکار هاتوە پاش بەجێهێشتنی ئەم شوێنەوارانە، لە چەندین پلیکانە سەر دەکەوی و دەگەیە دەروازەیەک کە لەناو تەختەبەردێکی گەورە درووست کراوە، کە لە دەروازەکە تێ دەپەڕیت و پاش چەند مەترێک لە دەستی راستی خۆت ئەشکەوتێکت لێ دیار دەبێت کە بە ئەشکەوتی چارستین بەناوبانگە. چارستین بە واتای چوار ستوون دێت، بۆیە وای پێ دەگوترێ، چونکە لە ناوەندی ئەشکەوتەکە چوار ستوونی سروشتی دەبینرێت کە لە زەوی ئەشکەوتەکەوە هەتا سەقف درێژە و پێوە نووسراوە. ستوونەکان لە بەشی خوارەوە و بەشی کۆتایی واتە سەرەوە بە شێوازی خڕ و بازنەیین، بەڵام لە ناوەندی ئەستوونەکان باریک دەبن و رێک شێوەی پیاڵەی چاخواردنەوە دەدەن. لە ناوەندی چوار ستوونەکە زەوی بە بەرزیی نیو مەتر

بەرز دەبێتەوە و دەبێ لە سێ پلیکانەی سروشتی کە دیارە بە تێپەڕینی کات و دانانی شوێنی پێ دروست بووە، سەربکەوی بۆ ناوەندی ستوونەکان کە دیارە ئەم گۆڕەپانە شوێنێک بووە بۆ کردنەوەی ئاگر و ڕێوەرەسمە ئایینیەکان بەکار هاتووە. لە دیوی ژوورەوەی ئەشکەوتە، لە هەر سێ سووچەکە و لە تەنیشت دیوارەکە بە شێوازی کورسی هەیە کە دیارە بە مەبەستی دانیشتینی خەڵک و جێبەجێکردنی ئەرکە ئایینییەکان درووست کراوە. یەکێک لە شتە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم ئەشکەوتە، پەنجەرەیەکی مەیلە و چوارگۆشەیە کە بە گوتەی سەرچاوەکان بۆ ڕاکێشانی رووناکی بۆ ناو ئەشکەوتەکە بەکار هێندراوە، لە زۆربەی کاتەکانی رۆژ کە لە بەرانبەر پەنجەرەکە رادەوەستی، تیشکی خۆر دەکەوێتە ناو ئەشکەتەکە و رووناکی دەکاتەوە. سەقفی ئەشکەوتەکە و بەشێک لە سەرەوەی ستوونەکان بەهۆی دووکەڵ و کردنەوەی ئاگر بەتەواوەتی رەش بووە کە ئەمیش نیشانەی مێژوو و کەونارابوونی ئەم ئەشکەوتەیە کە لە ساڵانێکی دوور و درێژەوە وەک ئاتەشکەدە (ئاورگە) بە کار هاتووە. ئەشکەوتی چارستین تا ئێستا دوو جار لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە نۆژەن کراوەتەوە، یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٩ و دووەم جاریش لە ساڵی ٢٠١٣ بووە.وێڕای هەوڵدان بۆ پاراستنی ئەم شوێنەوارە، هەوڵ دراوە وەک شوێنێکی گەشتوگوزاری بەکار بێت و بە دروستکردنەوەی شوێنی دانیشتن و سەوزایی و دابینکردنی پێداویستیی حەوانەوە، ئاسانکاری کراوە بۆ بە گەشتوگوزارکردنی ئەم شوێنە. ئەم ئەشکەوتە کە یەکێک لە بەناوبانگترین شوێنە شوێنەواری و گەشتیارییەکانی شاری دهۆکە، لە شوێنێکی ستراتیجیی ئەم شارە دروست کراوە و دوو کیلۆمەتر لە باکووری شاری دهۆکەوە دوورە.

٢- طه باقر و مقدمة في تأريخ الحزارات القديمة ، القسم الأول تأريخ العراق القديم ، من متبوعات دار المعلمين العالية ، التبعة الثانية (منقحه) ، شركة التجارة و التباعة المحدودة ، ١٩٥٥ .

گوندی چەرمۆ:

چەرمۆ پێگەیەکی شوێنەوارناسییە کە لە نزیکی دێی «کانی سارد» لە ڕۆژهەڵاتی شاری چەمچەماڵ لە پارێزگای سلێمانیدایە. یەکێک لە کۆنترین کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکانە کە تا ئێستا دۆزراوەتە کە کۆنترین ئاسەوارەکانی دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی ٧٠٩٠ی پێش زایین. ڕووبەرەکەی ١٢٠٠ بۆ ١٦٠٠ مەتری چوارگۆشەیە و لە ٨٠٠ مەتر بەرزتر لە ئاستی دەریاکاندایە. پشکنینەکان گوندێکی بچووکی دەرخستووە کە ڕووبەرەکەی ١٢٠٠ بۆ ١٦٠٠ مەتری چوارگۆشەیە کە مێژووی ئاوەدانییەکەی بە تاقیکردنەوە carbon-14 لە کۆنترین شوێنیدا ٧٠٩٠ی پێش زایین و لە دوایین بەشیشیدا بۆ ٤٩٥٠ی پێش زایین دیاری کراوە. لە سەرانسەری پێگەکەدا شوێنەواری ١٢ خولی شارستانییەت

دۆزراوەتەوە. زۆربەی شوێنەوارەکانی گوندی چەرمۆ هی دوو خولی کۆنتری ئـەو پێگەیەن کە هاوکـات بـووە لەگـەڵ شارسـتانییەتی شـانەدەر.گوندەکـە ٢٥ مـاڵی هـەبووە کـە بـە کاگـڵ و بـەرد درووسـت کـراون. لەوانەیـە نزیکـەی ١٥٠ کـەس دانیشـتووی هـەبووبێت. چەنـد ئامرازێکییـان بـەکارهێناوە کـە لـە جـۆرە بـەردێک دروست کراوە کە لە لای دەریاچەی واندا دەست دەکـەوێت و هـەروەها هەنـدێ شتیش دۆزراوەتەوە کـە لـە کەنـداوی فارسـەوە هـاتوون، کـە ئەمـە نیشـاندەری ئەوەیە کە بازرگانی و مامەڵەیان لەگەڵ ناوچەکانی تردا هەبووە.

٢- طه باقر و مقدمة في تأريخ الحزارات القديمة ، القسـم الأول تـأريخ العـراق القـديم ، من متبوعـات دار المعلمين العاليـة ، التبعـة الثانيـة (منقحـه) ، شـركة التجارة و التباعة المحدودة ، ١٩٥٥ .

ئەشکەوتی هەزارمێرد:

ئـەم ئەشـکەوتە دەکەوێتـە پارێزگـای سـلێمانی بـەدووری 13 کم لـە بـاکوری رۆژئاوای شارەکەوە، لە نزیک گوندی هەزار مێرد، ئـەم ئەشـکەوتە بەقـەد چیـای (بەرانان)ەوەیە وەکو یەکێک لە شوێنەوارە گرنگەکانی عێراق ناسێنراوە لەلایــەن بەڕێوبەرایــەتی گشــتی شــوێنەوار، لــە ژمــارە (2126) رۆژنامــەی (الوقــائع العراقیە) لـە بـەرواری 10-11-ـ 1949 . لەسـەر نـاوی ئەشـکەوتەکە چەنـد بـۆ

چونێک هەیە : پێدەچێ بە هۆی فـراوانی و گـەرەیی ئەشـکەوتەکە نـاونرابێت کـە جێگای هەزار پیاوی تێدا بووبێتەوە، هەروەها وشەی (مرد) لە زمـانی فارسـی بـە مانای پیاو دێت، یـان پێ دەچێ پەیوەنـدی بـە پلەیـەکی سـەربازی یـەوە هـەبێت بـەواتای پێشــەوای هــەزار جــەنگاوەر(هزارمــرد)، هــەروەها خــەڵکی ناوچەکــە (هەزارمێرگ) یشی پێ ئەڵێن بە واتـای زەوی تـەڕو پـڕ ئـاو دێت بۆیـە پێـدەچێت (هەزارمێرد) رەگ و ریشەی لە (هـەزارمێرگ) ەوە هـاتبێ. کنەوپشـکنین : چەنـد جارێک کنەو پشکنین لە ئەشکەوتی هەزارمێرد کراوە لە چەنـد کـاتێکی جیـاواز و لەلایەن چەند شوێنەوارناسیکەوە وەکو شوێنەوارناس (سپایزەر لە سـاڵی 1926 – خاتوو دوروسی گاروود لە سـاڵی 1928- ئەحمـەد مەهـدی لـە بـەهاری سـاڵی 1949 – کارلینتون لـە رۆژی 13-12 ی تشـرینی دووەمی سـاڵی 1949 لەگـەڵ ئەحمەد مەهدی – هەروەها بەڕێوبەرایـەتی شـوێنەواری سـلێمانی لـە رۆژی 18-06-1998 لەلایەن شوێنەوارناسی کورد کەمال نـوری مـەعروف و هاشـم حمـە عبــدوللا لــە ســەرجەمی پشــکنینە شــوێنەوارییەکاندا ســێ چیــنی شــوێنەواری دۆزرانــەوە کــە پێکهــاتبوون لــە چینــەکانی A B-C چیــنی A: چیــنی ســەرەوەی ئەشکەوتەکەیە کۆمەڵێک پاشماوەی گۆزەو گلێنەی جۆراو جۆری تێـدا دۆزرایــەوە کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمە شارستانی ئیسلامی واتە ئەم چینە بۆ سـەردەمێکی تـازەی چاخـە مێژوویـەکان دەگەڕێتـەوە،هـەروەها لـەم ئەشـکەوتەدا پاشـماوەی ئێسکی مرۆڤ دۆزرایەوە بەڵام کۆن نەبوو کە پێکهاتبوو بە سێ گۆڕ کە یەکێکیان منداڵ بوو، هـەروەها سـێ گـۆزەی لەگـەڵ دا نـێژرابوون، هـەروەها سـێ پارچـە ئاسـن دۆزرانــەوە کــە یــەکێکیان ســەری تـیرە، دوانەکـەی تـر دوو پارچـە دراوە یەکێکیان هە سەردەمی بیزەنتی وە ئەوی تریان هی سەردەمی ساسـانییە چیـنی B: ئەمەیان چینێکی جیاکـەرەوەی تەنکـە کـە هەنـدێ بـەردێ ئەسـتێ ی جـۆری ئۆرگەنیشی تێدا دۆزراوەتەوە چینی c: لەم چینەدا هەندێک ئیسک دۆزرانەوە، کە هی ئاژەڵ و باڵندەی کوندە پەپوو،هەروەها ئامێری بەردە ئەستێی زۆر دۆزرانەوە بەڵام شێوەکانیان جیا جیان لە یەکتری لە یەک جۆری پیشەسازی نین کـە نـزیکن لە جۆری ناسراو بە موستیری چاخی بـەردینی ناوەڕاسـت،هـەروەها دوو تـەوری دەستی دۆزرایەوە ئەو بـەردە ئەسـتێ یانـەی جـۆری موسـتێری کـە لـەم چینـەدا دۆزرایـەوە بـۆ (30) هـەزار سـاڵ تـا (50) هـەزار سـاڵ بـەر لـە ئێسـتا یـا زیـاتر دەگرێتەوە.

٣- رشيد فوزى، جمال رشيد، تاريخ الكرد قديم، اربيل-1990، المديرية العامة للاثار و التراث، التلول و المواقع الاثرية، بەغداد-1952 باقر طة، فواد سفر، المرشد الى مواطن الاثار و الحضارة، الرحلة ارابعة، بەغداد1965 تويذينةوةى (رةوا كةريم ساڵح) بؤ بةشى شوێنةوار زانكؤى صلاح الدين فرج بصمةجى، ،كهف هزارميرد الشرقى، سومر مج 6، 1950

ئەشکەوتی شانەدەر:

ئەشـــکەوتی شـــانەدەر یەکێکە لە بەناوبـــانگترین ئەشـــکەوتەکانی هەرێمی کوردســـتان و ســـاڵانە گەشـــتیارێکی زۆر ڕووی تێ دەکەن. مانـــای وشـــەی "شانەدەر" شانەدەر بریتییە لە دوو وشەی لێکدراوی "شـانە" کە بە مانـای خـانە دێت، "دەر" کە بە مانای کرانەوە یان دەرگە دێت کە دەکاتە "دەرگەی خانە"، لە هەندێك سەرچاوەشـدا بـاس دەکـرێت کە بـۆیە ئەو نـاوەی لێ نـراوە، چـونکە لە شـانەی هەنـگ دەچێت. بۆچـونێکی تـر هەیە کە نـاوی شـانەدەر بـۆ ئەو دێیە دەگەڕێـنێتەوە کە لـێیەوە نـزیکە. بۆچـونێکی لاوازیش هەیە کە دەڵێ، شـوێنی جوگرافی ئەشکەوتەکە ئەشکەوتی شانەدەر دەکەوێتە چیای "برادۆست"ی سـەر بە شـــارۆکەی مێرگەســـۆر کە بە دووری 145کم دەکەوێتە ئەوپەڕی بـــاکوری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر، لە ڕۆژئاوای ئەم ئەشکەوتە زێی گەورە هەیە کە بە 3 کم لێی دوورە، لە ڕۆژهەڵاتیشـی مێرگەسـۆر هەیە، لە باشـوری رۆژهەڵاتی دێی شـانەدەرە کە 4کم لـێی دوورە، 42 کم لە خەلیفـانەوە دوورە، 822م لە ئاسـتی ڕووی دەریـــاوە بەرزە. سروشـــت و بەرزی و نـــزمی ئەشـــکەوتەکە شـــانەدەر دەکەوێتە بەشی سەرەوەی ناوچەیەکی نیمچە دۆڵی، پێشەوەی ئەشـکەوتەکە کە شـێوەی سێگۆشـەیە بەرزییەکەی 18م و پـانییەکەی 25م، تیشـکی خـۆر زۆر بە ئاســانی دێتە ژوورەوە، هەر چەنـــدە بەرەو بـــاکور بـــڕۆین تەســـك دەبێتەوە، لە دەرگەی ناوەوەی ئەشکەوتەکە دەبێ لە سەر سك پاڵکەویتە سـەر زەوی و ئینجـا بچیتە ژوورەوە، لە دەرگەی دەرەوەی ئەشـــکەوتەکە دار و درەخت و گژوگیـــای لـێیە، چیـای پـێرس و گونـدی نەزاری دەکەونە بەرانبەر ئەشـکەوتەکە. مـێژووی ئەشـــکەوتەکە لە کۆتـــایی ســـەدەی نـــۆزدەهەم چەنـــد کرێکـــارێ لە شـــاری دیوســـلدۆرفی ئەڵمانیـــا بەڕێکەووت هەنـــدێ ئێســـک و پروســـکیان دۆزیەوە، مامۆستایەکی بایۆلۆجی درکی بە گرینگی ئەم ئێسکانە کرد وە بەناوی قەشیەکی میوزیکژەنی ئەڵمانی ناوینان (نیاندەر) وە (تال) ەکەش لە زمانی ئەڵمانی مانـای دۆڵ دەدا وە دەگەڕێتەوە سەر ئەو دۆڵەی کە ئێسکەکانی لێ دۆزرایەوە، وشـەی نیاندەرتال پەیدا بوو، ئیمڕۆ دەزاندرێ کە ڕەچەڵەکی نیاندەرتال لەگەڵ مـرۆڤ – هۆمۆ ساپیس – چەند سەد هەزار ساڵ هاوچەرخی یەکتر بوون وە نـزیکەی سـی هەزار ساڵێکیشـــە ڕەچەڵەکی نیادەرتـــال لەنـــاوچوون. دوای دۆزینەوەکەی دیســـلدۆرف، ئێســـکی نیانـــدەرتال لە هەمـــوو ناوچەکـــانی ســـەرگۆی زەمین دۆزراونەتەوە. ئەمەش دەیسـەلمێنێ کە ئەم ڕەچەڵەکە وەک مـرۆڤی سـەردەم توانیویـانە بەکـۆمەڵ بڵاوبینەوە وە بە بەردەوامیش خۆیـان گونجانـدووە لەگەڵ دۆخی ناوچەی ژیانیان. ساڵی 1953 وە تـاوەکو سـاڵی 1960 تیمێکی ئەمـریکی لە ژێرچاودێری پسپۆڕی شوێنەوارناس ڕالف سۆلیکی، ئەشکەووتی شانەدەریان بەبەردەوام دەپشکنی و هەڵدەکەند، توانیان چەندەها ئێسـکێکی کـۆن بـدۆزنەوە، کە تەمەنی ئەم ئێسکانە دەگەڕێنەوە بـۆ شەسـت تـاوەکو سـیهەزار سـاڵ بەر لە

ئیمـڕۆ.لە کـاتی پشـکنین و هەڵکەنـدن، سـۆلیکی تێبیـنی کـرد کە لە چیـنێ لە چینەکـانی خـۆڵەکە، چەنـد ئێسـکێکی نیانـدرتالی گەنج و بەتوانـا لەبەر کـونی ئەشکەووتەکە بوون وە هەندێ ئێسکی بچووکی نێچیریان لابوو، کەچی لە بنەبانی ئەشکەووتەکە ئێسکی چەند کەسێکی پیر دۆزرایەوە کە بەرماوەی خواردنەکانیان زۆرتر بوو لە بەرماوەی خواردنی گەنجەکان. ئەم دۆزینەوەیە گرینگیەکی تـایبەتی بە ئەشکەووتی شانەدەر دا وە بوو بە بابەتێکی لێکۆڵینەوە لە مێژووی مرۆڤایەتی و چەندەها لایەنی نەزاندراوی ئەم مێژووەی تێدا خوێندرایەوە. دوو دانە دووپشـک هەرگیز بەیەکەوە پیاسە ناکەن، تەنها بۆ جووت بوون نێرە و مێیە بەیـک دەگەن و دوای تەواوکـردنی کارەکەیـان نـێرەکە لەترسـی مـێیەکە ڕادەکـا. پلینـگ زۆر بەدەگمەن بەڕەوە دەژیەن، ورچ و سیسرک و چەندەها ئاژەڵی تـر بەتەنهـا ژیـان بەسەر دەبەن. بەڵام هەنگ، مێرووله، شێر و گورگ و مـرۆڤیش نـاتوانن بەتەنهـا بـژیین، هەمیشـە چەنـد دانەیەک کۆمەڵـک درووسـت دەکەن وە تـاک خـۆی لە کۆمەڵگاکە دەدۆزێتەوە، و ه پەیوەندیەکی بەهـێز ئەم تـاکە جیـا جیایـانە بەیەکەوە دەبەسـتێتەوە، لە کۆمەڵگـای مـرۆڤ نـاو دەنـدرێ مرۆڤـایەتی. لەوانەیە لە کۆمەڵگای شێر بە شێرایەتی ناوبندرێ و مێروولەیش شـانازی بە مـێرووولایەتیەوە بکا.ئەشکەووتی شانەدەر نیشانی دا کە نیاندرتال بە کۆمەڵ ژیاون و پەیوەندیەک لە شـێوەی – مرۆڤـایەتی- ئەنـدامی خێزانەکانیـانی بەیەکەوە بەسـتۆتەوە. پەککەوتەیەک کە نەیتوانیـوە بچێ بـۆ ڕاو لە سـەروی ئەشـکەوتەکە جێگـای بـۆ تەرخان کراوە و خواردنی باشی بۆ داندراوە، ئەو گەنجانەی کە بە توانـا بـوون وە شکاریان کردووە، لەبەر کونی ئەشکەووتەکە پاسەوانی خێزانەکانیان کـردووە وە بەشـێکی کەمی نێچیرەکەیـان بۆخۆیـان دانـاوە. لـێرەدا دەردەکەوێ کە هەسـتی مرۆڤـایەتی، هەروەکـو ئەو هەسـتەی کە نیانـدرتالی کەم هۆشـی بەیەکەوە بەستووە.

٤- د.محمـد عبداللـه اللهـونى ، خريطـة كركـوك الأسـرية ، لـه بڵاوكراوەکـانی سەنتەری ڕۆشنبیری زەردەشت ساڵی (٢٠٠٧) زاینی.

ئەشکەوتی هەڵامەت:

نەخشە هەڵکۆراوەکانی سەر چیای زاوا یەکێک لە جوانترین و دەگمەنترین شوێنەوارەکانی کوردستانە کە بە مێژوویەکی زیاتر ٣ هەزار ساڵە، لە ناو دڵی چیایەک دەدرەوشێتەوە. ئەم شوێنەوارە کە ئەشکەوتی هەڵامەتیشی پێدەگوترێ، دەکەوێتە چیای زاوا لە ٧ کیلۆمەتری باشووری رۆژئاوای شاری دهۆک، بەرامبەر گوندی کەڤرکێ. شوێنەواری ئەشکەوتی هەڵامەت، هەرچەندە بە رێگایەکی سەختدا پێی دەگەی، بەڵام خەیاڵی بینینی شوێنەوارێکی دەگمەن و ناوازە هێزی بەردەوامبوونت پێ دەبەخشێت و وات لێ دەکات بەرەو خوارەوەی چیاکە و بەرەو شوێنی مەبەست بڕۆیت.چوار تابلۆی بەردینی قەبارە گەورە کە بە دەست و ئامێری کونکردنی ئەو سەردەمە لە ناو قەدی چیاکە دروستکراوە، ئەمە سەرەتای نەخشە مێژوویەکەیە کە بۆ دیداری چوو بووین.یەکەم تابلۆی بەردی کە کەوتە کە دەکەوێتە بەر دیدەی گەشتیار، نەخشێکە بە پانی پێنج مەتر و 75 سانتیمەتر، کە گەورەترین و گرینگترین نەخشی شوێنەواری ئەم کۆمەڵە نەخشەیە، ئەو تابلۆ شوێنەوارییە شوێنی هەڵکۆڵینی وێنەی کۆمەڵێ خواوەند و پیاوی ئاشورییە کە هەر یەکەوە لە سەر ئاژەڵێکی ئەفسانەیی لە بەرامبەر پاشای ئاشوری سەنحاریب (705 - 681) کە نزیکەی 24 ساڵ دەسەڵاتداری ئەم دەڤەرەی کردووە راوەستاون. لە ناو بەڵگە مێژووییەکان ناوی خواوەندەکانی ناو نەخشەکە بریتییە لە خواوەند ئاشور، ننلیل، سین، نابو، شمش، ئەدەد،

عەشتار.کارزان محەمەد حوسێن بامەڕنی، مامۆستا لە بەشی مێژووی زانکۆی دهۆک پێی وایە کە بابەتی ئەم نەخشە بەردینە باس لە ڕێوڕەسمێکی ئایینی و سەربازی دەکات، چونکە هەر یەکێک لە خواوەندەکانی ناو تابلۆ مێژووییەکان بە جلوبەرگی تایبەت و بە هەڵگرتنی کۆمەڵێ پێداویستیی تایبەت لە بەرامبەر پاشای ئاشوری راوەستاون و پاشای ئاشوری بە دروستکردنی ئەم نەخشەیە، ویستوویەتی شکۆ و سەرکەوتنی خۆی تۆمار بکات.ئەم نەخشانە لە سەر بەردی کلس دروست کراوەن و دەکەوێنە بەرامبەر گرێ مالتا، کە ئەویش یەکێک لە شوێنەوارە گرنگەکانی ئاشورییەکان و پاشا سەنحاریبە.هەرچەند ئەم شوێنەوارە یەکێکە لە گەورەترین نەخشە بەردەکانی هەرێمی کوردستانە و کەوتوویتە شوێنێکی سەخت و پڕ مەترسی، بەڵام لەگەڵ ئەمانەش دوور نەبووە لە دەستدرێژیی تێکدان و تەقاندنەوە، لە تەواوی شوێنەوارەکە ئاساری فیشەک و سووتاندن و لێدان و لێکردنەوە بە ئامێرە تیژەکانەوە دیارە و لە هەندێ لە پەیکەرەکان بەشی سەر و سینگیان لێکراوەتەوە، کە بە مەبەستی بازرگانیی شوێنەواری ئەو کارە ئەمجام دراوە، بە تایبەت لە یەکێک لە نەخشەکان کە تایبەتە بەخێزانی پاشا سەنحاریب، بەشی سینگ و سەری لێ کراوەتەوە و شێوێندراوە،

٤- د.محمد عبدالله اللهونی ، خریطة کرکوک الأسریة ، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری ڕۆشنبیری زەردەشت ساڵی (٢٠٠٧) زاینی.

سەرچاوەکان

١. ناسا: قەڵای هەولێر کۆنترین شوێنە لە جیهان تاکو ئێستا ژیانی تێدا بێت
https://earthobservatory.nasa.gov/images/144736/history-on-a-hill

٢- طه باقر و مقدمة في تأريخ الحزارات القديمة ، القسم الأول تأريخ العراق القديم ، من متبوعات دار المعلمين العالية ، التبعة الثانية (منقحه) ، شركة التجارة و التباعة المحدودة ، ١٩٥٥ .

٣- رشيد فوزى، جمال رشيد، تاريخ الكرد قديم، اربيل-1990، المديرية العامة للاثار و التراث، التلول و المواقع الاثرية، بەغداد-1952 باقر طة، فواد سفر، المرشد الى مواطن الاثار و الحضارة، الرحلة ارابعة، بەغداد1965 تويذينةوةى (رةوا كةريم سالَح) بؤ بةشى شوێنةوار زانكؤى صلاح الدين فرج بصمةجى، كهف هزارميرد الشرقى، سومر مج 6، 1950

٤- د.محمد عبدالله اللهونى ، خريطة كركوك الأسرية ، له بڵاوكراوەكانى سەنتەرى ڕۆشنبيرى زەردەشت ساڵى (٢٠٠٧) زاينى.